## ڕاگەیاندنی بنکەی یاساسانانی هەرێمی کوردستان

**کورتەیەك لە بارەی بنکەی یاسادانان:**

**بەگوێرەی فەرمانی پەرلەمانی ژمارە (١٩٠٤/٥/٢) لە ٢٠١٩/٨/٢١ لێژنەیەك لەژمارەیەك راوێژكاری پەرلەمانی كوردستان و پسپۆری بواری تەكنەلۆژیا پێكهێنراو ڕاسپێردران بە ئامادەكردنی بنكەی یاسادانانی هەرێمی كوردستان بەشێوەكی ئەلیكترونی، كە هەموو ئەو یاساو بڕیارە یاساوپەیڕەوو رێنماییانە لەخۆبگرێت كە لەلایەن دامەزراوە دەســـــتووریەكانی هەرێمەوە دەرچوون و دەردەچن، هەر لەساڵی ١٩٩٢ وە تاوەكو ئیستا، بەمشێوەیە:**

1. **چاپكردنەوەی (٨) بەرگی یاسا و بڕیارەكانی هەرێمی كوردستان كە (٢٨٧٠) لاپەڕە و (٤٢٣٤٦١) ووشە بوو كە كۆی گشتی سەرجەم یاسا و بڕیارەكانی ساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٥ ی لەخۆ دەگرت.**
2. **ئامادەكردنی یاسا و بڕیارە یاساكان بەشێوەی PDF لە ٩٣ ژمارەی رۆژنامەی پەرلەمان و ٢٧٥ ژمارەی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان.**
3. **جیاكردنەوەی كۆی یاساو بڕیارەیاساكان بەشێوەی Word كە بریتی بوو لە (٣٨٩)یاسا و (١٥٣) بڕیارە یاسا كە دەكاتە:**

**١٣،٧٩٣ لاپەڕە.**

**٤٩٦٥٦٣٨ ووشە.**